

# سێ نەوەی داهێنانی شیعری کوردیی
# خوێندنەوەیەک بۆ قەسیدەی (تۆ مەچۆ بۆ شەڕ)

**غەفور ساڵح عەبدوڵاّ**

**بەشی یەکەم**

ئەم بابەتە ئەنتۆلۆژیایەک نییە بۆ شیعری هاوچەرخی کوردیی، بگرە پێشەکییەکە بۆ راستکردنەوەی هەندێ هەڵە لەلایەن هەندێ پرۆفیسۆرەوە دەنوسرێن سەبارەت بەشیعری تازەی کوردیی، یان چیرۆکی نوێی کوردیی، یان رۆمانی کوردیی.. دەبێ ئەوەش بڵێم ئەم نووسینە تایبەتە بەشیعری هاوچەرخی کوردیی، کە بە دیالێکتی کرمانجی خواروو (سۆرانی) نووسراوەو بەتایبەتیش لە باشووری کوردستان.

ئەم قەسیدەیە (تۆ مەچۆ بۆ شەر)) ، بەرهەمی شاعیری لاو (ماردین ئیبراهیم)ە کە لە ئەدەب و هونەری ڕۆژنامەی کوردستانی نوێی ژمارە ٥٥٩ دا بلاوبووەتەوە. یەکەم کۆمەڵە شیعری ئەم شاعیرە کە بڵاوبۆوە مژدەیێکی باشی لە گەڵ خۆیدا هێنا، وەکو دەنگێکی نەوەی شیعری نوێ، هەر خۆشم لەسەر ئەو کومەڵەشیعرەیم نوسی .

بەر لەوەی بێمە سەر قەسیدەکە باس لە سێ نەوەی داهێنەری شیعری هاوچەرخی کوردیی دەکەم، مەبەستم نەوەی حەفتاکان و هەشتاکان و نەوەدەکان و ئینجا دوای راپەرینیشە. گەرچی هەندێ لەو نەوەیانە تا نیوەی رێگاکە بریانکردو وەستان و هەندێکیشیان بە نەفەسی جیا جیا بەردەوام بوون. بێگومان شیعری نوێی کوردیی لە دایکبووی ساڵانی حەفتاکانی سەدەی رابردوو نییە، بگرە دەگەرێتەوە بۆ سەردەمانی نوری شێخ ساڵح و گۆران و لەسەردەمی هەڵاوسانی بیرەباوەری پێشکەوتنخوازی ونەتەوەییشدا، تارادەیەک ئەحمەد هەردی وکامەران موکری. دواجار لە قۆناغی حەفتاکاندا شیعری نوێی کوردیی زیاتر گەشەی کرد. گەرچی لە کۆتایی شەستەکانیش جولەیەکی بەرچاو هەبوو. پاشان هەر دوای بەیاننامە کورد خەڵتێنەکەی یانزە مارس، کەش وهەوایەک هاتە گۆرێ و جۆرە سەربەستییەکی رۆشنبیریی و سیاسی دامەزرا. بەتایبەتی لە بواری رۆژنامەو کەلتورو بڵاوکردنەوەی کوردییدا، کە تا ئەو دەمە لەشتە قەدەغەکانی سیاسەتی عێراقی بوو. ئیدی ئەو دەنگە شیعریانەی کە پێشتر هەبوون زیاتر و بەرچاوتر دەرکەوتن. وەکو شێرکۆ بێکەس و لەتیف هەڵمەت و عەبدوڵا پەشێوو سەلاح شوان و ئەنوەر شاکەلی (فەرهاد شاکەلی)و سەلام محەمەدو رەفیق سابیرو ئەنوەر قادر جافو نەوزاد رفعەتو جەلالی میرزا کەریم، بێگومان ئەمانە وەکو دەنگە دیارەکانی شیعری نوێی کوردیی ئەو قۆناغە، دواجایش ناو گەلێکی زۆر دەرکەوتن، هەروەکو نەیزەک هەڵدەبوون و دەکوژانەوەو نەدەبوون بە دەنگی دیارو بەردەوام. ئەم خاریتەی شیعری کوردییە هەروەکو خاریتەی کوردستان پڕ پێچ و پەنا وخەتی ناراستە، ئەوە نییە هێڵێکی راستی گرتبێ و بەردەوام بوویێت، چونکی خاریتە سیاسیەکەشی وابووە، هەمیشە رەوتی ئەدەبیاتی کوردیی هاوشان و هاوتەریب بووە لە گەڵ قۆناغ و جووڵەی سیاسییدا. بۆیە دەبینین بارۆمیترەکە لە هەڵکشان و داکشاندا بووە، شاعیرانی قۆناغی حەفتاکانی سەدەی رابردوو، دەبینین هی وایان هەبوو بەهێڵێکی ئاسۆیی رێک، بەردەوام بوون لە ئەزموونەکەی خۆیاندا، هەشبوون لە نیوەی رێگا وەستان، نەک وەستانێکی یەکجارەکی، بگرە وەستانەکەیان ناوە ناوە بوو. واتا پچر پچر بوو، لەوانەی بە هێڵێکی ئاسۆیی رێک بەردەوامبوون، شێرکۆ بێکەس، هەرچەنێ شێرکۆ ئەزموونەکەی دەبێتە دوو بەشەوە، یەکەمیان، پێش راپەرین، دووەمیان دوای راپەرین -واتە راپەرینی ١٩٩١-، دەتوانم بڵێم ئەزموونی شێرکۆ بێکەس پێش راپەرین تۆکمەتر و چرتر بوو لەوەی دوای راپەرین، لە کۆمەڵە شیعرێ (من تینووێتیم بە گر ئەشکێ)و (دوو سروودی کێوی)، کە ئەم دووانە لەپۆپەدان. دەشتوانم بڵێم شێرکۆ بێکەس لێرەشدا هێڵیکی ئاسۆیی وەرگرتو تارادەیەک نەگۆر بوو، لەبەر بارو زرووفی سیاسیی پێش راپەرینێ، کە پەیوەستێکی ژیانیی هەبوو بە بارو زروفی داهێنانەوە، ئیدی شێرکۆ بێکەس لەهەشتاکانی سەدەی رابردوودا کە خەڵاتی تۆخۆلسکی وەرگرت بارێکی دیکەی بۆهاتە گۆرێ و دوای راپەرین دیسان وەرچەرخانێک رووێدا لە هەڵوێستێ و گەشەی شیعریی ئەودا. زیاتر نەمەتێتیکی وەرگرت، کە ئەمەیش زیاتر شیعری شێرکۆی ناساند، ئیدی رەوتی شیعریەتی قەسیدەی شێرکۆیی گۆراو هێڵێکی دیکەی تایبەتمەندیەتی وەرگرت، وەکو قەسیدە نووسین بە یەک نەفەس و یەک ریتم و یەک فەزا، هەروەها یەک بابەتیو یەک رەوتی، تارادەیەکیش وشەو دەستەواژەکان دووبارەن، واتا ناتوانێ تەنەوع بکات لەسەر هەموو ئاستەکانی مومارەسەکردنی نووسینی قەسیدەدا، کە ئەمەیان بۆتە کەلێنێک یان خەوشێک لە قەسیدەی شێرکۆییدا، بەلاّم توانی دەیمووەمەت بە قەسیدەکەی بدات.

> **ئەم خاریتەی شیعری کوردییە هەروەکو خاریتەی کوردستان پڕ پێچ و پەنا وخەتی ناراستە، ئەوە نییە هێڵێگی راستی گرتبێ و بەردەوام بوویێت**

هەرچەنێکیش زۆرجار دەبوو بە قەسیدەی موناسەبی (بۆنەیی)، وەکو ئەو شیعرانەی بۆ شەهیدانی دەنووسی، یان شیعری سروود یان بۆ کەسە ناودارەکانی کورد، وەکو ئیبراهیم ئەحمەد (پیاوێک لە دار سێو). هەرچەنێ من ئیستا پێم وایە کە شێرکۆ بێکەس زیاتر شیعر لە سەر ریتمی جووڵەو دەنگی دادەنێ ، کاتێ لەسەر مینبەر بێ یان بۆمایک بێ. بۆیە شیعرەکانی (دەربەندی پەپوولە)و (خاچومارو..) و (رەنگدان) بەیەک هێڵی راست شۆردەبنەوەو خوێنەری رەخنە گر بەیەک چامەیان تێدە گات، دەشێ لەلای هەندێ کەس ئەمە بەشتێکی باش بکەوێتەوە بۆ شێرکۆ بێکەس..

ئەزموونی دووەم، لەتیف هەڵمەتە، دیارە قەدەر یارمەتی نەدا، ئەوەی بۆ شێرکو هەڵکەوت بۆ ئەو هەڵنەکەوت، کەچی لەشاعیریەتیدا لە هاوشانی ئەودایە، گەرچی (هەڵمەت)یش جۆرە نەمەتیەتێک لە سەرجەم ئەزموونە شیعریەکەیدا هەیە، ئەگەر شێرکۆ بە (من تینێوێتیم بە گر ئەشکێ) خۆی وەکو شاعیرێکی نوێخواز راگەیاند، (هەڵمەت) بە(خوا وشارە بچکۆلەکەمان) خۆی راگەیاند، لەتیف هەڵمەت دوای (١٠) ئەزموون، واتا دوای (١٠) دیوانە شیعر لەنێوان ساڵانی ١٩٧٠ تا ٢٠٠٠،کە لەم دواییە بە جەڵدێکی تەواو دەرچوون، بووە دیاردەیەکی بەرچاو لە شیعری هاوچەرخی کوردییدا، ئەزموونەکەی بەو (١٠) دیوانە ناوەزەد کرد: ١- خواو شارە بچکۆلەکەمان،٢- ئامادەبوون بۆ لەدایکبوونێکی تر ٣- پرچی ئەو کچە رەشماڵی گەرمیان و کویستانمە ٤- گەردەلوولی سپی ٥- ئەو هۆنراوەیەی کە تەواو دەبێ و تەواو نابێ ،٦- ئەو نامانەی دایکم نایانخوێنێتەوە ٧- وشەی جوان گوڵە گوڵ. ٨- سروودی هەژاران ،٩- ئەو رووبارەی وشک ناکات،١٠- گورگەکانی لەتیف هەڵمەت ..ئیدی بێکەس و هەڵمەت لەرەووتە شیعریەکەدا لەهاوشانی یەکدی بوون و زۆر جاریش وەکو مونافیس و دوو دەنگی کێبرکێکەر مامەڵەیان لە گەڵ قەسیدەی کوردییدا کردووە. گەرچی ئەو ئەجندە شیعرییەی کە شێرکۆ هەیبوو ،یان هەیەتی لەپێشەوەی ئەجندەی شیعریی (هەڵمەت)ەوە بوو، دیاریشە ئەجندەی شاعیر زۆر کار دەکاتە سەر رەووتی ئەزموونەکەی و خاوی دەکاتەوە، یان تووشی دابرانی مەعریفی دەکات. بۆیە جیاوازییەکی مەعرێفی زۆر هەیە لەنێوان (خواو شارە بچکۆلەکەمان) و دوا دیوانی (هەڵمەت)دا. بەرای من ئەم گۆران و دابرانی مەعریفییە لە ئەجەندای شیعری هەڵمەت زۆر زیانی پێی گەیاند.. دواتر ئەزموونەکانی ئەنوەر قادر جاف و جەلالی میرزا کەریم و سەلاح شوان و سەلام محەمەد، کە ئەم چوارە ئەزموونەکەیان پچر پچر و لەیەک دیوانە شیعر تێنەپەرین، هەرچەنێ کاریگەری گەورەیان هەبوو و هەیە لەسەر مێژوو شیعری هاوچەرخی کوردیی. بونەتە دەنگە دلێرەکانی ئەو شیعرە.. ئینجا ئەزموونی عەبدوڵا پەشێو و رەفیق سابیر، دەتوانم بڵێم ئەم دوو ئەزموونەش هێڵێکی دیکەن لە خاریتەی شیعری هاوچەرخی کوردیی، زیاتر لە سەرەتادا پەشێو بە دیوانی (شەونامەی شاعیرێکی تینوو) خۆی راگەیاند، بەلاّم پەشێو دواتر کەوتە ژێر کاریگەری تەوژمی شیعری مقاوەمەتی فەلەستینەوە، هەرچەنێ پێش شەونامەی شاعیرێکی تینوویش لە ژێر کاریگەری (نزار قەبانی)دا بوو، لە دیوانی (بتی شکاو)دا. ئیدی پەشێو لەو چوارچێوەیەدا چەقی بەست، واتا لە چوارچێوەی لەژێر کاریگەری شیعری مقاوەمەتی فەلەستینی و بەرگێکی کوردانەی کردە بەرو تارادەیەکیش جەماوەری بۆ خۆی پەیا کرد، پێش ئەویش و دواتریش ئەنوەر شاکەلی (فەرها شاکەلی)دواتریش : کەپێشتر دەنگێکی روانگەیی بوو کە بە دیوانی (پرۆژەی کودەتایەکی نوێ) خۆی راگەیاند وەکو روانگەییەک، کەپێشتریش سەر بە قوتابخانەی کفری بوو لە گەڵ ئەحمەد شاکەلی ولەتیف هەڵمەت دا. دواتر ئەجندەی شیعری بەلایەکی دیکە دا وەرچەرخا ،بەرەو ئەجندای سوفیەتی ئیسلامیەوەو تا ئیستاش. دواجاریش فریاد فازل..کاتێ باسی ئەنوەر وسەلاح و سەلام و جەلالمان کرد ،لەبیرمان چوو کە ناوی تاقە دیوانەکانیان بەرین، مەبەست لەسەرەتای ئەزموونە شیعریەکەیاندا، ئەنوەر قادر جاف (زریان)، کە دەتوانم بڵێم لەکاتی خۆی پۆپەی ئەزموونی شیعری نوێی کوردیی بوو، سەلاح شوان (دلدارەکەم گەواڵە پاییزەیەک نیە)،کە چربوونەوەی ئەزموونی سەلاحە. دواجاریش ئەزموونەکەی لە قەسیدە بە ناوبانگەکەی (شەوێک لە شەوانی سیمرغ) خەست بووەو و گەیشتە پۆپەی داهێنانی شیعریی ،ئیستایش یەکیکە لە قەسیدە زیندوە سەرمەدیەکانی شیعری کوردیی هاوچەرخ و ناهاوچەرخیش. (سەلام محەمەد)یش لە ساڵانی ١٩٨٨دا ئەزموونی شیعری خۆی لە دیوانێکدا بەچاپ گەیاند، بەناوی (ئێواران دەتبینم بە سوخمەیەکی زەردەوە)، بەلاّم جەلالی میرزا کەریم یەکێک بوو لەوانەی کە بەیانی روانگەی مۆر کرد، ئەگەریش ئەزموونی خۆی لە دیوانێک بە چاپ گەیاندبێ ناوەکەیم لەیاد نییە.. ئیدی دوای ئەوانیش رەفیق سابیر دوای کۆچ و لەساڵانی هەندەراندا پەرەی بەئەزموونە شیعریەکەی خۆی داو توانی ببێتە دەنگی دیاری شیعری هاوچەرخی کوردیی و ئاماژەی پێ بدریت. لەم دواییەش سەرجەم ئەزموونی شیعری خۆی لە جەڵدیکدا بڵاوکردەوە.بێگومان لە دووتوی ئەم دەنگانەدا دەنگی دیکەی شیعریی هەبوون، واتا لە ئەزموونی شیعری حەفتاکاندا، بۆ نموونە نەوزاد رفعەت، حەمەی حەمە باقی و نەجیبە ئەحمەد وەکو دەنگێکی ژنانە لە شیعری کوردیی نوێ. ئینجا سەعدوڵا پەرۆش، کەنعان مەدحەت و سامی شۆرش و موحسین ئاوارەو جەمال شارباژێری ،هەرچەنێ ئەمیش لەو کەسانە بوو کە بەیانی روانگەی مۆر کردبوو بەلاّم ئەمیش وەرچەرخا تا رادەیەک بەرەو کلاسیزم و لە رەورەوەی شیعری نوێ نەمایەوە، هەروەها دڵشاد مەریوانی و مستەفا زەنگنە و نەژاد عەزیز سورمێ و جەمیل رەنجبەرو جەوهەر کرمانج..